# پارناسیزم لە شیعری کوردیدا

تابان محەممەد ئەحمەد

## پێشەکی

شیعر یەکێکە لەو یەکەمین کەرەستانەی کە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە گوزارشتی لە هەست و ناخی خۆی کردووە، ئەم کەرەستەی دەربڕینە لەگەڵ ڕەوتی مێژوو و پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا، گۆڕانی بەسەردا هاتووە و هەرگیز لە فۆرمێکی دیاریکراودا نەماوەتەوە و چەندان فۆرمی جیاوازی دەربڕینی شیعری سەریان هەڵداوە، ئەوە وای کردووە بیرمەندان و شاعیران بۆ جیاکردنەوەی شێوازە شیعرییەکان، لە چەند قوتابخانەی جیاوازی شیعریدا پۆلێن بکەن.

لە هەر سەردەمێکدا، فۆرمێکی دیاریکراوی شیعرنووسین بووە بە مۆدێل و پارادایمی باوی شیعرنووسین و ئەدەب، شاعیران و ئەدیبان تارادەیەک ناچاربوون پەیڕەوی لە مەرج و تایبەتمەندییەکانی ئەو مۆدێلە بکەن، ئەوەش لە ترسی ئەوەی نەوەکا شیعرەکانیان وەک شتێکی نامۆ پێناسە بکرێ.

سەرەڕای هێزی خۆسەپێنانەی پارادایم و مۆدێلە زاڵەکانی شیعر و ئەدەب، شاعیران هەمیشە هەوڵی داهێنانیان داوە، چونکە یەکێک لە تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی ئەدەب نوێگەرییە و نەمانەوەیە لە یەک قاڵبی دیاریکراودا، ئەوە پاڵی بە شاعیرانەوە ناوە بۆ هێنانی شتی تازە و مۆدێلی تازەی گوزارشتکردن، واتە مۆدێلێک لە مۆدێلە زاڵەکەی پێشتر نەچێ، ئەمە وای کردووە شیعر پێوەر و پێوانەیەکی جێگیری نەبێ و هەمیشە بزۆڵ و گۆڕاو بێ و لە یەک چوارچێوەدا قەتیس نەبێ.

ئەو فۆرمگۆڕین و هەوڵی داهێنانەی ئەدەبیان و شاعیران، بووەتە هۆی سەرهەڵدانی قۆناغبخانەی جیاوازی شیعری و جیاکردنەوەی شیعرەکان لەسەر بنەما و تایبەتمەندیی هەر قوتابخانەیەک.

قوتابخانەی پارناسیزم، هەوڵێک بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی مۆدێلی باوی سەردەمی خۆی، واتە قوتابخانەی ڕۆمانسیزم، بارودۆخ و ڕۆژگاری باڵادەستی شیعری ڕۆمانسیزم هەندێ لە شاعیرانی ئەو سەردەمەی بەو باوەڕە گەیاند کە ڕۆمانسیزم سەردەمی بەسەرچووە و پێویستە ئاراستەیەکی دیکە بە شیعر بدرێ.

ڕۆژگاری سەرهەڵدانی پارناسیزم لە ئەوروپا، ڕۆژگاری سەرهەڵدان و باڵادەستیی زانستە مۆدێرنەکان و ڕێبازی پۆزەتیڤیزمی بوو، لە ژێر کاریگەریی زانستی مۆدێرن و ڕێبازی پۆزەتیڤیزمیدا، شاعیرانی پارناسیستیش داوایان کرد، پێویستە شاعیر بابەتی بێ و هەست و سۆز و هەڵچوون و حەزەکانی خۆی تێکەڵ بە شیعر نەکا، لە پاڵ کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندیی دیکە کە پارناسیستەکان داوایان دەکرد شاعیر پەیڕەویان لێ بکا.

کە باس لە قوتابخانە ئەدەبییەکان دەکرێ، ناچارین بۆ ئەوروپا بگەڕێینەوە، ئەوروپا زێدی سەرهەڵدانی زۆر لە قوتابخانە شیعری و ئەدەبییەکانە، ئەو قوتابخانانەش کەم و زۆر وەک مۆدێلێک بۆ وڵاتانی خۆرهەڵات پەڕیونەتەوە. لەو ڕۆژگارەدا ئەوەی وڵاتانی دنیا پێکەوە دەبەستەوە بەڕادەی سەرەکی بازرگانی و سیاسەت بووە، ئەدەب ڕۆڵی ئەوەندە بە هێزی لە پێکەوەبەستنەوەی میللەتان (بەتایبەت میللەتانی خۆرئاوا و خۆرهەڵات نەبووە)، لەم سۆنگەیەوە ناتوانین بڵێین شاعیرانی کورد لە ژێر کاریگەریی قوتابخانە ئەدەبییەکان (بەتایبەت ئەوانەی لە ئەوروپا سەریان هەڵداوە) شیعریان نووسیوە. سەرەڕای ئەوەش شیعری شاعیران بەو تایبەتمەندییانەی هەیانە، دەکرێ بەسەر قوتابخانە ئەدەبییەکاندا پۆلێن بکرێن، ئینجا ئەو شاعیرانە پێیان زانیبێ، یان نا، (عەبدوڵڵا گۆران) ی شاعیر نەبێ کە بە هۆی شارەزابوونی لە زمانی ئینگلیزی، لەو ڕێگەیەوە ئاگاداری شیعری شاعیرانی پارناسیست بووە و لەسەردەمی ئەوانیشدا ژیاوە، بە قسەی فەرهاد پیربال خۆیشی ددانی بەوەدا ناوە کە ئاگاداری شیعری پارناسیستەکان بووە.

دواجار، تاڕادەیەک عەبدوڵڵا گۆران نەبێ، دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە ئێمە هیچ شاعیرێکمان نییە، پێی بڵێین ئەم شاعیرە، شاعیرێکی پارناسیستی کوردە و کۆی شیعرەکانی پارناسیزمین، بەڵام دەکرێ لە نێو دیوانی شاعیرانی کورددا، هەڵبەت لە عەبدوڵڵا گۆران بەدواوە، پارچە شیعر و قەسیدەی پارناسی بدۆزینەوە. ئەم توێژینەوەیەش هەر لەو پێناوەدایە.

(١)

## لە ڕۆمانسیزمەوە بۆ پارناسیزم

ڕۆمانسیزمەکان کە دەروون و هەست و سۆزیان دەکردە بناغەی شیعرەکانیان و پێیان وابوو کە خودی شاعیر ناکەوێتە دەرەوەی شیعر و پێویستە شیعر لەسەر هەست و سۆزی شاعیر بهۆنرێتەوە، «ڕۆمانسیزم ئەدەبی هەست و سۆزە، جڵەوشلکردنە بۆ خەیاڵ، ئەدەبێکە لەسەر خەیاڵێکی شادومانانە بۆ ژیان دامەزراوە، وشەی جوان بۆ ژیان بەکاردەهێنێ، گەشبینی باڵی بەسەر هۆنراوەکانیدا کێشاوە، لە دۆخی نوشستیشدا ئاوڕی سۆزدارانە بۆ دواوە دەداتەوە، ڕەشبینی باڵ بەسەر شیعرەکانیدا دەکێشێ، ئاواتەخوازی مردنی تێدا دەردەکەوێ» (ڕەئووف، ٢٠١٣، ١٦٧).

لەلایەکی دیکەوە ڕۆمانسیزم ئازادی بە شاعیر بەخشی و شاعیری لە کۆتوبەندی کۆمەڵگە ئازاد کرد و هەست و سۆزیشی کردە بناغەی شیعرەکانی، چونکە پێی وابوو کە هەست و سۆزیش پێویستیان هەیە و دەبێ پڕ بکرێتەوە» (حسێنی، ٢٠٠٦، ٥٩-٦٠). بە کورتی شیعری ڕۆمانسی، شیعرێکە ئاوێنەی ناخ و خەیاڵی شاعیر و هێنانەقسەی شتەکانی دەوروبەریەتی بە گوێرەی دۆخی دەروونیی خۆی.

لەگەڵ پووکانەوە و لاوازبوونی وردە وردەی

مۆدێلی ڕۆمانسیزمی لە شیعر و ئەدەبدا، ئەدیبان و شاعیران و هونەرمەندان هەستیان کرد کە دەبێ لە فۆرمێکی تازەدا تەکانێکی تازە بە شیعر و ئەدەبیات بدرێ، لەو پێناوەدا ڕێبازێکی تازەیان دامەزراند بە ناوی ڕێبازی (پارناسی)، «قوتابخانەی پارناسیزم لە کۆتایی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی کۆشیعری «خۆرهەڵاتییەکان»ی ڤێکتۆر هۆگۆ لە فەرەنسا بناغەی دارێژرا» (عرب و صدیقی، ٢٠١١، ٩٦).

لە کاتێکدا هونەرمەندانی فەرەنسا لەژێر کاریگەری فەلسەفەکەی سان سیمۆن و فەلسەفەی بەسوودبوونی هونەر و کارکردنی ئەدەبیات بوون لە پێناو بەرەوپێشەوەبردنی کۆمەڵ و چاککردنی ئەخلاقی کۆمەڵ: تەنیا ڤیکتۆر هۆگۆ نەبێ، کە هەر لە پێشتریشەوە لە ساڵی (١٨٢٩) بە یەکێک لە بەرهەمەکانی خۆی (ڕۆژهەڵاتییەکان) بنەماکانی ڕێبازی (هونەر بۆ هونەر)ی دارشتبوو. هۆگۆ لە دژی سانت سیمۆن دەیگوت: نەخێر، شاعیر هەمیشە مافی ئەوەی هەیە کە بەرهەمێکی بێ هودەی ئەوتۆش بڵاوبکاتەوە کە شیعرێکی پەتی بێ و بەس، هیچیش لە خزمەتی کۆمەڵگەدا نەبێ. (پیربال، ٢٠٠٦، ١٢٨).

«ناوی پارناسیزم لە «چیا»ی پارناسەوە وەرگیراوە، کە زێدی خودای هونەری «ئەپۆلۆ»یە لە یۆنان، ئەم قوتابخانەیە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە بنەما و بناغەی خۆی بەتەواوەتی دارشت و «لۆکۆنت دی لیل» وەک دامەزرێنەری ئەو ڕێبازە ناوبانگی دەرکردووە» (صالح بک و ئەوانی دیکە، ٢٠١٨، ٣٩). پارناسیستەکان «کۆمەڵە شاعیرێکی فەرەنسی بوون، کۆمەڵێک ستانداردی فۆرماڵیی وردیان بۆ شیعری لیریکی دارشت و لەساڵانی نێوان (١٨٦٠ بۆ ١٨٩٠) چالاک بوون» (Baldick, 2001, 184).

ڕاستییەکەی قوتابخانەی پارناسیزم لقێکن لە تیۆری «هونەر بۆ هونەر». لایەنگرانی قوتابخانەی «هونەر بۆ هونەر» پێیان وابوو کە کەماڵی هونەر لەوەدایە تەنیا بایەخ بە جوانییەکەی بدرێ نەک سوود و سوودە ئەخلاقی و ماددییەکەی، لەسەر بنەمای ئەو باوەڕە، شاعیر چاو لە کۆمەڵگە دەپۆشێ و دەکەوێتە شوێن چێژی خودی هونەر خۆی، تا بەرهەمەکەی خۆی بگەیەنێتە ئەوپەڕی جوانی و کەماڵی خۆی» (عرب و صدیقی، ٢٠١١، ٩٦)، «لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە ژمارەیەک لە شاعیرانی لاو کە لە دەوری «لۆکۆنت دی لیل» کۆبووبونەوە، دژ بە ڕۆمانسیزمی کۆمەڵایەتی ڕاپەڕین و بە گرتنەبەری «هونەر بۆ هونەر» دولێلیان کردە پێشەوای خۆیان و کۆمەڵە شیعری پارناسی هاوچەرخیان بڵاوکردەوە» (احمدی، ١٩٥٥، ٢-٤)، هەروەها گووتێ کە یەکێکە لە ڕێبەرانی ڕێبازی پەرناسیزم، بە هۆی گەشتەکانییەوە بۆ خۆرهەڵات و باکوری ئەفریقا و بینینی دیمەن و سروشتی دڵڕفێنی ئەو وڵاتانە، ئەوە نەک تەنیا لە نووسیندا، بەڵکوو لە وێنەکێشانیشدا کاریگەریی خۆیان لە بەرهەمی (L`orient) بە ڕوونی دەرکەوت. ئەوانەش بوونە خاکێکی بە پیتی شیعری قوتابخانەی پارناسی (wasti, 2018, 140). «شایانی باسە قوتابخانەی پارناسیزم کە هەر زوو بوو بە بزووتنەوەیەکی ئەدەبی، بەرهەمی دیدارێک بوو کە لە کتێبخانەی پاریس بەسترا، کتێبخانەکە لەلایەن «ئەلفۆنسی لێمێرێ»وە خاوەنداریەتی دەکرا» (wasti, 2018, 139)، زۆر لە ڕەخنەگران پێیان وایە پارناسییەکان

بـه وەلاتانـی بەرژەوەندییـە کۆمەڵایەتـی و ئەخلاقییـەکان و بایەخـدان بـە شـێوە و جوانـی بەرهـەم، زۆر لـە تیـۆری هونـەر بـۆ هونـەر نزیـک بوونەتـەوە (میرصادقـی، ١٩٩٠، ٢).

هەروەها مارینا سنیژینسکا لـە بـارەی ڕۆژگاری سـەرهەڵدانی پارناسـییەکانەوە ئامـاژە بـە خاڵێکـی دیکـە دەدا و دەڵـێ: «پارناسـییەکان پـاش بـێ ئومێدبوونیـان لـە ئـاکام و لێکەوتەکانـی شۆڕشـی (١٨٤٨) دەرکەوتـن. فەرەنسـاییەکان کـە لـە ڕێگـەی هەڵبژاردنـەوە ناپلیـۆن بۆناپەرتیـان کـردە سـەرۆکی کۆمـاری تـازە دروسـتکراو، کەچـی ئـەو وڵاتـی بـەرەو فەرمانڕەوایەتـی ڕەهاگەرانـە و دەسـەڵاتخوازانە بـرد. ئـەوە هۆکارێـک بـوو بـۆ ئـەوەی بـە هیـچ جۆرێـک بـە تەنـگ سیسـتمی سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەوە نەبـن». (Snizhyns-ka, 2016, 282).

لـە نێـو ئـەو کۆمەڵـە شـیعرییەی کـە سـاڵی (١٨٦٦) بـە نـاوی «پارناسـی هاوچـەرخ» بڵاوکرایـەوە، بـژاردەی شـیعری کۆمەڵێـک شـاعیر بـوو لەوانـە، «مالارمـێ» و «لۆکۆنـت دی لیـل» و «سـولی بـرۆدۆم» و «هیریدیـا» و «فرانسـوا کۆبـێ» و «ڤێرلیـن»، بـەڵام ئـەو پێکەوەییە زۆری نەخایانـد و «ڤێرلیـن و مالارمـێ» جیابوونـەوە، بۆیـە ئەگـەر پارناسـیزم گرنگیـدان بـێ بـە جوانـی ڕواڵەتـی و ڕیتمـی موزیکـی و بەرەنگاربوونـەوەی خودگراییەکـی زێدەڕۆییانـە بـێ، ئـەوە نازنـاوی «پارنـاس» تەنیـا بـۆ «لۆکۆنـت دی لیـل» و «هێریدیـا» دەگونجـێ، بـەڵام ئەوانـی دیکـە شاعیرانی ئاسـایین و تایبەتمەنـدی خۆیـان هەیـە. (الالوکـە، ٢٠٠٩، ١).

ئاشـکرایە ڕێبـازی پارناسـیزم لـە ژێـر کاریگەریـی فەلسـەفەی ئایدیالیزمێکـی جوانیناسـی و پۆزەتیڤیسـتی و ئەزمونگـەری دامـەزراوە، کـە ئـەوکات ئەم فەلسـەفەیە لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدە لە ئەورووپا باڵادەسـتبوو. دیـارە لـەو میانـەدا فەلسـەفەی ئایدیالیزمـی «کانـت» دەردەکـەوێ کـە پێـی وایـە کاری هونـەری خەسـڵەتێکی جەوهەریـی هەیـە، کـە دەبـێ خەسـڵەتی جوانـی و جوانییەکـی پەتـی تێـدا بێ و ئـەوەش تەنیا لـە ڕواڵەتدا دەردەکـەوێ، بۆیـە لـە ژێـر کاریگەریـی کانتـدا بـوو، پارناسـییەکان داوایـان کـرد شـیعر لـە هـەر ئامانجێکی کۆمەڵایەتـی و ئـاکاری دابـبڕێنرێـت. (اسـماعیل، ١٩٧٤، ٣٨٠). ئاشـکرایە فەلسـەفەی پۆزەتیڤیسـتی و ئەزموونگـەری کـە پارناسـیزم لـە ژێـر کاریگەریانـدا بـووە، داوایـان دەکـرد مـرۆڤ سـنوور و بازنـەی خـودی بەجـێ بهێڵـێ و بکەوێتـە شـوێن زانینێکـی ڕاسـت و ڕاسـتەقینە، ڕێگـەی ئـەو دەرچوونـەش بریتییـە لـە پشـت بەسـتن بـە زانسـت، نـەک پەنابـردن بـۆ دڵ وەک ڕۆمانسـیزمەکان دەیانکـرد» (صالح بک، ٢٠١٨، ٤٠).

لـەو تێبینییانـەی سـەرەوە بۆمـان دەردەکـەوێ کـە ڕۆژگاری سـەرهەڵدانی پارناسـیزم، ڕۆژگاری سـەرهەڵدانی زانسـتەکان و زاڵبوونـی فەلسـەفەی پۆزەتیڤیسـتی و زانسـتگەرایی بـووە، ڕۆژگارێـک زانسـت بـە دەسـتکەوتەکانی خـۆی کردبـووە تاکـە ڕێگـەی دڵنیـا و جـێ متمانـەی پەیبـردن بـە سروشـت و یاسـا سروشـتییەکان، بۆیـە ئەدەبیـش شـان بـە شـانی زانسـتە مرۆییەکانـی دیکـە دەیانویسـت شـوێن پێـی زانسـتی سروشـتی هەڵبگـرن و بـێ لایەنانـە ڕوانگەکانـی خۆیـان بخەنـەڕوو و توێـژەر، یـان (خـود) بەشـێک نەبێـت لـەوەی سـەبارەت بـە جیهـان دەیڵـێ، چونکـە ئـەوە ڕوانگـەی زاڵـی زانسـتیش بـوو کـە دەیگـوت بـۆ گەیشـتن بـە حەقیقەتـی شـتەکان و توێژینەوەیەکـی جـێ متمانـە پێویسـتە توێـژەر هەسـت و ویسـت و باوەڕەکانـی خـۆی تێکـەڵ بـە توێژینـەوە و هـەوڵ و بەرهەمەکانـی خـۆی نـەکا.

(٢)

## خەسڵەت و بنەما و تایبەتمەندییەکانی شیعری پارناسی

ئاشـکرایە هـەر ڕێبازێکـی ئەدەبـی کـە دێتـە کایـەوە، دەبـێ کۆمەڵێک خەسـڵەت و تایبەتمەندی جیـاوازی تێـدا بـێ، کـە لـە ڕێبازەکانـی پێـش خـۆی جیـای بکاتـەوە. پارناسـیزم کـە هەوڵێـک بـوو بـۆ وەلانانـی مۆدێلـی ڕۆمانسـیزم، دەیویسـت ئاراسـتەیەکی نـوێ بـە شـیعر و بەرهەمـی ئەدەبی بـدات.

بـەلای پارناسـییەکانەوە گرنگتریـن خـاڵ لـە دارشـتنی شـیعردا، جوانیـی فۆرمـە، ئـەوان جوانیـی فۆرمیـان بـە بناغـەی هـەر دەقێکـی بـاڵا دەزانـی و پێیـان وابوو جوانـی بـۆ خـۆی ئامانجـە و نابـێ چاوەڕێـی هیـچ ئامانجێـک لـە جوانـی بکەیـن، «هەمـوو شـتێک بـۆ خـۆی ئامانجێکـی لـە پشـتەوەیە، جگـە لـە جوانـی نەبـێ. جوانـی خـۆی ئامانجێکـە و هیـچ ئامانجێکـی لـە پشـتەوە نییـە. ئەگـەر بـازرگان تەنیـا بیـر لـە بەهـای نەختینەیـی بەرهەمەکانـی بکاتـەوە، ئـەوە هونەرمەنـد، یـان شـاعیر تەنیـا بیـر لـە جوانییەکـەی دەکاتـەوە و بـێ ئـەوەی هیـچ چاوەڕوانییەکـی لێـی هەبـێ» (بقاعـی و هاشـم، ١٩٧٩، ٨١).

گووتـی کـە یەکێکـە لـە شـاعیرە پەرناسـەکان، لـە پێشـەکیی شیعرەکانی خۆیدا دەربـارەی هونەر گوتوویەتـی: «سـوودی چییـە؟ جـوان بـوون، ئـا ئەمـە بـەس نییـە، وەک گـوڵان، وەک عەتـر و بۆنـان، وەک هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە بەشـەر ناتوانـێ بـە ئـارەزووی خـۆی بیگـۆڕێ و لەنێـوی بـەرێ. بـە کورتـی هـەر شـتێک سوودبەخشـبوو ئـەوە ناتوانـێ جـوان بـێ، چونکـە تێکـەڵ بـە ژیانـی ڕۆژانـە دەبـێ، هونەرمەنـد ئەمەیـە. هونـەر ئازادییـە، شـکۆیە، گوڵکـردن و پشـکوتن و گەشـەکردنی ڕوحـە». (حسـێنی، ٢٠٠٦، ١٤٨)، هـەر بۆیەشـە نـاوەڕۆک هێنـدە لای ئـەوان گرنـگ نەبـوو، بەڵکـوو شـێوە و مەهـارەت و تەکنیـک و جوانیـی ڕوخسـار و دەربڕیـن لـە پێـش هەمـوو شـتێکەوەیە. ژۆزێ هێردیـا شـیعرەکانی دەڵێـی زەڕەنگەرێـک هۆنیونییـەوە، هێنـدە ڕوخسـاربین و باریکبینانـە چنـراون». (پیربـاڵ، ٢٠٠٦، ١٣٢).

لەلایەکی دیکەوە ئەوان دەیانویست شیعرەکانیان خەسـڵەتی پەیکەرێکـی مەڕمـەڕ وەربگـرێ، واتـە نەیاندەویسـت شـیعرەکانیان هیـچ مەبەسـتێک بخاتـەڕوو، بەڵکـوو شـیعر نـە دەبـێ پـێ بکەنـێ نەبگریـە، تەنیا جـوان بێ و بـەس، بۆیـە کە دیوانی شـیعری پارناسـێکی وەک گووتـێ دەخوێنیتـەوە هەسـت دەکـەی لـە نـاو پێشـانگەیەکی تابلۆدایـت» (احمـدی، ١٩٥٥، ٤)، هەروەهـا هۆگـۆ دەیگـوت هەمـوو شـتێک بابەتـی شـیعرە، هەمـوو شـتێک هەوێنـی هونـەرە، دەشـێت هەمـوو شـتێک بێتـە نێـو قەڵەمـڕەوی شیعرەوە، کەوایـە نابـێ بپرسـرێ کـە چ هۆکارێـک وای لـە شـاعیر کـردووە بابەتێکـی شـاد، یـان خەمنـاک، ترسـناک، یـان دڵگیـر، ڕوون، یـان ئاڵـۆز هەڵبژێرێ. دەبـێ تەماشـای ئـەوە بکـرێ کـە چـۆن کاری کـردووە، نـەک چ کارێکـی کـردووە. (حسـێنی، ٢٠٠٦، ١٤٧).

بـە کورتـی دەکـرێ خەسـڵەت و خاسـەتییەکانی قوتابخانـەی پارناسـیزم لـەم خاڵانـەی خـوارەوەدا کـورت بکەینـەوە:

١- وەلانانـی خـود: پارناسـییەکان لـە شـیعردا بـە شـوێن بابەتیبوونێکـی عەقڵانـی و زاڵبوونـی عەقڵـەوە نەبـوون، نـەک خۆڕادەسـتکردنی شـاعیر بـە هەسـت و هەڵچوونەکانـی خـۆی، بۆیـە پێیـان وابـوو ئەرکی هونـەر ئەوەیـە بـە شـوێن ڕاستییە نەگۆڕەکانـی ژیانـی مرۆڤـەوە بـێ نـەک حـەز و ئـارەزووە کاتییەکانـی مـرۆڤ، واتـە دەبـێ دۆخـی

دەروونی و هەڵچوونەکانی خۆی سەرکوت بکات.
٢- بە کورتی پارناسیزم ئاوێنەیەکە ئەوەی لە بەرانبەریەتی پیشانی دەداتەوە، بە مانای ئەوەی هیچ شتێکی خۆی ناخاتە پاڵ ئەوەی دەینوێنێتەوە.
٣- شاعیری پارناسی دژی داوەریکردنە، بە مانای ئەوەی بە گوێرەی دەروونی خۆی ناڵێ، ئاسمان دڵتەنگە، یان تووڕەیە، بەهار لێو بە خەندەیە و ئەم جۆرە شتە ناخییانە ناڵێ، بەڵکوو وەک ئاوێنەیەک، ئەوەیە دەیبینێ ئەوە دەگێڕێتەوە، چونکە شاعیرانی پارناسی ڕێز لە جیهانی دەرەوە دەگرن و جیهانی دەرەوە بار ناکەن بە دۆخی دەروونی و هەڵچوونی دەروونی خۆیان (صالح بک، مرادی، میثاقی، ٢٠١٨، ٥١).
٤- یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی شیعری پارناسی، گرنگیی فۆرم و شێوەیە، واتە دەربڕینێکی ئەنیق و جوان و بەرجەستەکردنێکی بەهێز. بەهرەمەندی ڕازاندنەوەی ئەو شتەن کە دەیبینن. (عفیفی، ١٩٩٢، ٧٢).
٥- پابەندبوون بە ڕێبازی (هونەر بۆ هونەر).
٦- شیعر لای پارناسەکان ئیلهام نەبوو (حسێنی، ٢٠٠٦، ١٥٠)، چونکە لای ئەوان دەبێ شاعیر هەستە تایبەتییەکانی خۆی لە فۆرمێکی بابەتیدا بکێشێ و پابەندی بێلایەنی تەواوەتی بێ.
٧- یەکێک لە بنەماکانی شیعری پارناسی ئەوەبوو کە پێویستە هونەر بە تەواوی سەربەخۆ بێت و نابێت بکەوێتە ژێر فەرمایشتی ئەخلاق و سیاسەت و فەرمانەکانی کۆمەڵگەوە.
٨- شاعیرانی پارناس دەبوایە بگەڕێنەوە بۆ فەلسەفەی یۆنانی کۆن و ئیستێتیکای گریکەکان، چونکە پێیان وابوو پێچەوانەی ڕیالیستەکان و ڕۆمانتیکەکانی هاوسەردەمی خۆیان پێویستە شاعیران بۆ کلاسیکە باووباپیرەکانی خۆیان بگەڕێنەوە، هەروەها پێیان وابوو شێوازی نموونەیی، جوانی و ڕەسەنایەتی تەنیا لای یۆنانییەکان هەیە. (پیربال، ٢٠٠٦، ١٣٠).
بەکورتی شیعری پارناسی شیعرێکی فۆرمالیستە، بێ ئاوێتەکردنی هیچ سۆزێک وێنەکانی واقیع دەگوێزێتەوە، شاعیرە پارناسەکان ناسراون بە گرنگیدانی زۆر بە داتاشینی واژە و دەربڕینەکان، چونکە بە پێی نەریتی ئەوان شیعر سەنعەتکارێکە دەتوانیت دەست بەسەر هەڵقوڵینی سروشتدا بگرێت، لە بەرزترین قاڵبی هونەریشدا دایبڕێژێت. (پیربال، ٢٠٠٦، ١٣٤).
دواجار دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە ئەم ڕێبازە تەمەنی زۆر نەبوو، لە شیعردا سیمبۆلیزم جێگەی گرتەوە، لە سەردەمی پەرناسیدا ڕێبازی ڕیالیزم کە پێشی دەگوترێ ڕیالیزمی ئەورووپی، - یان نەچراڵیزم- نەشونمای کرد. (میراودەلی، ٢٠٢١، ٢١٦)

(٣)

## ئەو دەقە شیعرییە کوردییانەی تایبەتمەندیی پارناسیان تێدایە

وەک پێشتر ئاماژەمان بەو خاڵە داوە کە تاڕادەیەک (عەبدوڵڵا گۆران)ی لێ دەربکەیت، لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، شاعیرێکمان نییە کە وەک شاعیرێکی پارناسی بیناسێنین، ئەوەی هەیە هەندێک لە شاعیرانە، ئاگاییانە، یان نائاگاییانە لە نێو دەقە شیعرییەکانی خۆیاندا، تاکوترا چەند شیعرێکی، تاڕادەیەک، بە پێوەری پارناسیانە نووسیوە و هەرزوو کوڵی دڵ و دەروونیان بزواوە و کەوتوونەتەوە ژێر باری هەڵچووی دەروونیان، ڕەنگە هۆکاری سەرەکی

ئـەوەش ئـەوە بووبــێ، کــە لــە ســەروەختی باڵادەســتیی پارادایمــی شــیعری پارناســیدا، شاعیرانی کـورد تاڕادەیـەک لـە دنیـا دابڕاوبووبـن و ئاگاییەکـی وایـان لـەو مۆدێلـە بـاوەی سـەردەم نەبووبــێ، ئـەوە جگـە لـەوەی کـورد هەمیشـە میللەتێکی چەوساوە و ژێردەسـتە بـووە، ئـەوەش هونەرمەنـد و شـاعیرانی کـوردی ناچارکـردووە پابەنـدی دۆخـە نەتەوەییەکـە بـن و هەمیشـە لـە دۆخــی بەرگـری و لاواندنــەوەی شــەهیدان و نیشــتمان بووبــن.

لەبــەر ئــەوەی عەبدوڵــڵا گــۆران هاوســەردەمی پارناسیســتەکان بــووە و تاڕادەیەکیــش لــە ڕێگــەی زمانـی ئینگلیزییەوە ئاگاداری شیعری پارناسیستەکان بـووە، بۆیـە سـەرەتا بـە گۆران دەسـت پـێ دەکەیـن، هەڵبـەت ئاشـکرایە کـە دیوانـی گـۆران زۆرتریـن دەق و شـیعر و دیمەنـی پارناسـییان تێدایـە.

١ - گــۆران لــە دیوانــی «بەهەشــتی دڵ» و لــە شــیعری «لــە دەرزی پەچــەوە»دا وێنەیەکــی پارناسـیانە دەکێشــێ:

**جادە چۆڵ و سێبەر بوو، کاتی بەیانی،**
**ئـەڕۆیشتم، خەیاڵاوی ئەمروانی**
**بۆ سەوزایی دەورووپشتم، بۆ ئاسمان،**
**بۆ شاخی بەرز، خانووی تازە، دنیای جوان.**
(گۆران، ٥٨)

لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ:

**کۆمەڵە شاخێک سەخت و گەردنکەش**
**ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش**
**سەرپۆشی لووتکەی بەفری زۆر سپی**
**بەدارستانی ڕەش ناو دۆڵی کپی**
**جۆگەی ئاوەکان تیایا قەتیسماو**
**هەر ئەڕۆن ناکەن پێچی شاخ تەواو**
(گۆران، ١١٧)

یان دەڵێت:

**پێش ئەوەی بگەی بە ئاواتی دێ**
**ئەکشێتە ناو باخ تولەماری ڕێ**
**شنەی سێبەری داری گوێز و توو**
**ئەسڕی ئارەقی ڕێبواری مانوو**
(گۆران، ١١٧)

یـان لـە شـیعری (گەشـتێک بـۆ قـەرەداغ) کـە تێیـدا وەسـفێکی پـڕ بـە پێسـتی پارناسـییانە بـۆ دیمەکانـی قـەرەداغ و ئـەوەی بینیویەتـی دەکات و دەڵێــت:

**عاسمانی شین و ئەستێرەکانی**
**پێدەکەنین بۆ بەری بەیانی**
**گڵۆپەکانی سەرجادە و کۆڵان**
**زەرد هەڵگەڕابوون، کز کز ئەسووتان**
**دەڕژا لەسەردا کــزەی بەیان**
**ئەیلەراندەوە کولە و پەردەکان**
**شاری پەنجەرە و دەرگا داخستوو**
**وەک یەک گیاندار و بێ گیان تیا نوستوو**
**تا لەم کاتەدا کە خەو زۆر خۆشە**
**هەستە و بەرگی ڕێ خێرا بپۆشە،**
**کۆڵانە و کــۆڵان بڕۆ بەرەو خوار**
**بگەرە شوێنی کۆمەڵی ڕێبوار.. تاد.**
(گۆران، ١٢١)

یان دەڵێت:

**ئـەم لا یـەک پەڵـە، ئـەولا یـەک پەڵـە، هـەوری ڕەنگاوڕەنـگ،**
**لــە ناوەڕاســتا بــەدەم ئاســۆوە ڕۆژی شــۆخ و شــەنگ**
**سـەوزەگیا پـاراو، گـوڵ و گوڵاڵـە مەسـتی ڕەنـگ و بـۆ،**
**درەخــت تــازە شــین، ســەرلق ڕازاوەی گــوڵ، گــەڵا، چــرۆ**
**سـەرتاپای چیمـەن دەرئـەدا چیـن چیـن مرواریـی ئاونگ،**

**چەشــنی تــارای ســەوز ئەدرەوشــێتەوە، لێــی ئەتکــێ پرشــنگ..... تــاد**

(گۆران، ١٣٨)

**لــە پاش بڕینی ماوەیەکـــی دوور،**
**گیانی وەڕەسی ڕێگای سەرەوژوور**
**دێ: (پاس) کشایە ناو پێچێکی لێژ**
**لای چەپ، چناری باریک و درێژ**
**ڕەپ ڕاوەستابوون لە کەناری ڕێ،**
**سەربازی پاس بوون بۆ پشت سەری کێ؟**
**ڕیزێک نەمامی دار چـوالەی نازدار**
**کــە ڕێــک وەســتابوون لەســەر گیــای بەهــار ....... تــاد**

(گۆران، ١٤٣)

دیوانــە شــیعریەکەی گۆران لێوانلێــوە لــە شــیعر و دیمەنــی پارناســییانە، بــەڵام لە کۆی ئەو شــیعرانەی وەک نموونــە هێناومانەتــەوە، زۆر بــە ڕوونــی تەواوی تایبەتمەندییــە پارناســییەکانی شــیعر دەبینــرێ، کــە تێیــدا (گــۆران)ی شــاعیر وەک بینەرێــک لــە فۆرمێکــی جــوان و دڵفرێنــدا نەخشــاندوونی، لــەم شــیعرانەدا کــۆی تایبەتمەندییەکانــی شــیعری پارناســییان تێدایە، هــەر لــە گرنگیــدان بــە فــۆرم، بــە جوانــی، دوور لــە هەڵچوونــی دەروون، دوور لــە داوەری، دوور لــە ئامــۆژگاری ئەخلاقــی و تــاد، بۆیــە ڕەنگــە گــۆران بــە تــەواوی شــاعیرێکی پارناسیســتی نەبــێ، بــەڵام هیــچ شــاعیرێکی کــورد هێنــدەی ئــەو تابلــۆی شــیعری پارناســیی نەکێشــاوە و بــە قــەد ئــەو شــیعری پارناســیی نەهۆنیوەتــەوە، ئــەوەش وەک فەرهــاد پیربــاڵ ئاماژەی بــۆ کــردووە کــە گــۆران هاوســەردەمی باڵادەســتی شــاعیرانی پارناســت بــووە لــە ئەورووپــای ئــەو ســەردەمە.

٢- یەکێکــی دیکــە لــەو شــاعیرانەی کــە گەرچــی وەک شــاعیری بەرگــری ناســراوە «هێمــن»ی شــاعیرە، بــەڵام لــە هەنــدێ شــوێن و لــە میانــی شــیعری «ئێــوارەی پاییــز»دا، کــە دەکەوێتــە نێــو کۆبەرهەمــی «ناڵــەی جودایی»ــەوە، چەنــد دیمەنێکــی پارناســی خوڵقانــدووە، وەک لــەم کۆپلە شــیعرەدا دەردەکــەوێ:

**ئاخر کۆڵی بۆ بــردە ژوور**
**باریەرێکی درێژی ڕووت**
**دەرکی دووکانی گاڵەدا**
**مام حاجی و بەرەو ماڵ بزووت**
**نازدارێکی چـــارشێو بەسەر**
**بە تەنیشتمدا تێپەڕی**
**بەغار هات و توند قیژاندی**
**ڕووتەڵەیەک بە بەدفەڕی**
**کەمێک ڕاوەستا جا ڕابورد**
**ئەو لاوەی جادەی دەپێوا**
**دیاربوو خیسێکی دابـوویە**
**ئەو شۆخە لە بن چارشێوا**
**کیژێ خۆی لە ژوور کوتاوە**
**دەرکەی حەوشەکەی پێوەدا**

ئــەم کۆپلــە شــیعرە تاڕادەیــەک هەمــوو ئــەو تایبەتمەندییانــەی شیعری پارناسییان تێدایە، چونکــە لێــرەدا خــودی شــاعیر، هەســت و هەڵچوونەکانــی شــاعیر ونــن و شــاعیر تەنیــا وەک ئاوێنەیــەک ئــەوەی بینیویەتــی هــەر ئــەوەی گێڕاوەتــەوە، ســەرەڕای ئــەوەش ئــەو دیمەنــە شــیعرییەی کێشــاویەتی تاڕادەیــەک هیــچ داوەریکردنێکیــان تێــدا نییــە، گەرچــی دوای بــە دوای ئەو کۆپلەیە، شاعیر داوی شیعر بــۆ خەیــاڵ شل دەکا و دیســانەوە بــە چاوێکــی ڕۆمانتیکییــەوە دەکەوێتــەوە وەســفی دنیــای دەوروبــەری،

واتــە گێڕانەوەیەکــی ســادە و واقیعی و تاکڕەهەند، بــە وەســفکردنی ئەزموونــی خــۆی ڕووداوێــک کــە خــۆی بینیویەتــی، دەگێڕێتــەوە.

**سەرچاوەکان:**


١ - پیربال، فەرهاد (٢٠٠٦)، قوتابخانە ئەدەبییەکان، چاپی دووەم، دەزگای وەرگێڕان، هەولێر.

٢ - دیوانی هێمن، هێمنی موکریانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، پەخشانگەی ئازادی/ چاپ و پەخشی چوارچرا، سلێمانی.

٣ - دیوانی گۆران، عەبدوڵڵا گۆران، ٢٠٠٧، چاپی سێیەم، بڵاوکراوەی بانیز، چاپخانەی دالاهۆ..

٤ - حسێنی، ڕەزا سەید، (٢٠٠٦)، قوتابخانە ئەدەبییەکان، وەرگێڕانی: حەمەکەریم عارف، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

٥ - حوسێن، هیمداد، (٢٠٠٧)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

٦ - ڕەئووف، لوقمان (٢٠١٣)، سەرەتایەک بۆ ڕۆمان و شیعری سەربەستی کوردی، چاپخانەی لاوەند، سلێمانی.

٧ - میراودەلی، کەمال (٢٠٢١) فەلسەفەی جوانی و هونەر، ئیستێتیکا، چاپی سێیەم، پڕۆژەی چاپی کتێبی (مێخەک- فانی). هەولێر.

٩ - إسماعيل، عزالدين (١٩٧٤). الأسس الجمالية في النقد العربي، دار الفكر العربي، الكويت.

١٠ - صالح بک، مجيد/ مرادي، محمد هادي/ ميثاقي، ناصر (٢٠١٨) مباديء بلاغة التصوير بين الاتجاهين الرومانسي و البرناسي في الشعر العربي، مجلة إضاءات نقدية (فصلية محكمة)، السنة الثامنة، العدد (٣١)، أيلول (٢٠١٨)، طهران.

١١ - عرب، دكتر عباس/ صديقى، كلثوم (٢٠١١). نمود پارناسيسم در معلقه امرؤالقيس. مجله زبان و ادبيات عربى (مجله ادبيات و علوم انسانى سابق) (علمى - پژوهشى)، شماره چهارم- بهار و تابستان (١٣٩٠). مشهد. ايران.

١٢ - أحمدى، أحمد، (١٩٥٥)، تئوفيل گوتيه (١٨٧٢-١٨١١)، مكتب پارناسيسم، مجله يغما، شماره (٨٢)، تهران

١٣ - مير صادقى، ميمنت (١٩٩٠)، شناخت مكتب ادبى پارناسيسم، مجله چيستا، شماره (٦٧ و ٦٦)، تهران.

١٤ - الالوكة، شبكة الانترنيت، (٢٠٠٩)، البرناسية وأهم شعرائها، خاص شبكة الالوكة.

١٥ - بقاعي، شفيق/ هاشم، سامي (١٩٧٩)، المدارس والانواع الادبية، منشورات المكتبة العصرية، بيروت، لبنان.

١٦ - عفيفي، رفعت زكي محمود (١٩٩٢)، المدارس الأدبية الاوروبية وأثرها على الادب العربي، دار الطباعة المحمدية، القاهرة.

17. snizhynska, Maryna (2016). On the question of the reception of French parnassians by kyiv neoclassicists. National university of kyiv, mohyla academy, ukrain.

18. wasti, syed munir, (2018). The influence of French Parnassian poetry on English literature. Journal of European studies. (34/2).

19. Baldick, Chris (2001). The concise oxford dictionary of literary terms. Oxford university press, new York.